## دەست خۆش کاک مەسعود، بەڵام... هیوا ناسیح

سویسرا
hiwanaseh@hotmail. com



لەم ڕۆژانەدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاک مەسعود بڕیارێکی دەرکرد بە دەست بەسەرداگرتنی هەموو ئەو زەویە کشتوکاڵیانەی کە لە لایەن لێپرسراوی باڵای حزبەکانی باشوری کوردستانەوە، دەستی بە سەرداگیراوە و کراوە بە (مەزرەعە) و ڤییەللا، هەر بە پێی ئەم بڕیارەش ئەو زیانانەی لێپرسراوە سەرپێچیکەرەکان قەرەبوو ناکرێنەوە و دوای ڕوخاندنی ئەو خانوو و پرۆژانەی کە لە سەری دروستکراون، زەویەکانیش دەگەڕێنەوە بۆ خاوەنداریێتی گشتی و میری. بەڕاستی بە خوێندنەوەی ئەم هەواڵە زۆر دڵخۆش بووم و لای خۆمەوە وای دەبینم، کە سەرەتایەکە، هەڵبەت دوای (بەڵام) ەکانی پەرەگرافی داهاتوو، دەشێت ببێتە یەکەم هەنگاوی دژ بە گەندەڵی و لە لایەکی تریشەوە یەکەم بڕیاری سەرۆکی هەرێمە دوای یەکگرتنەوەی هەردوو هەرێمەکە، کە یارمەتی ئەوە بدات، تاکی کوردی بە ئومێدو و دڵنیاییەوە بڕوانێتە بڕیارەکانی داهاتووشی.

دیارە من بێ گومانم، کە ئەم هەواڵە، بە وێنەی من هەر تاکێکی تری گەلەکەمان (جگە لەوانەی لە ئەنجامی ئەم بڕیارەوە زەرەرمەند دەبن) کە تۆزێ دڵی بۆ کورد و مەسەلەکەی بسوتێت، دڵخۆش و ئاسودە دەکات. بەڵام... بەڵامەکانیش لێرەوە دەست پێ دەکەن، کە هەر یەکەیان، (چونکە و (لەبەرئەوە) ی خۆی هەیە...

بەڵام ئایا ئەم بڕیارە بەتەواوی و وەک پێویستە بێ جیاوازی، دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە؟ بە دەربڕینێکی تر، بتوانین دڵنیا بین لەوەی کە، سەرجەم سەرپێچیکەرانی زەوییەکان، سەرپێچی ئەم بڕیارەش ناکەن؟ بەڵام ئایا سەرۆکی هەرێم و سەرۆککۆماری عیراق، کە دوو کەسە هەرە دەسترۆیشتوەکەن لە کوردستاندا، ئامادەن بە یەکدەنگی و هەمئاهەنگی کاری بۆ بکەن و لە هیچ کەسێک و خاوەن عەشیرەت و دەوڵەمەندێک چاوەپۆشن؟ بەڵام ئایا ئەم بڕیارەش، لە کاتی داڕشتنە یاساییەکەیدا، بڕگەیەکەی لاستیکی تێناترنجێنرێت، کە لەبەر خاتری خاتردارانی کوردەواری گوتەنی (شەندە بکەن بە مەندە) ؟. بەڵام ئایا ئەو لێپرسراوە باڵایانەی ناو دوو پارتە دەسترۆیشتوە سەرەکییەکە، (حیلە شەرعییەک) نادۆزنەوە، کە بە جۆر و شێوازێکی تر دەست بگرنەوە بە سەر زەویەکاندا؟ بەڵام ئایا زەویەکان دوای ئەوەی لە خاوەن مەزرا و ڤییەللاکان سەندرایەوە، هەر بەڕاستی دەبنەوە مولکی دەوڵەت و میری؟ یان دەکرێنەوە بە پرۆژەی جۆراوجۆری تر و بە ناوێکی ترەوە دەگەڕێنەوە بۆ خاوەنە سەرپێچیکەرەکانی ئێستایان؟

بەڕای من وەڵامی هەموو ئەو (بەڵام) انە لە گرەوی ئەوەدایە، کە ئایا ئەو دوو سەرکردەیەی کورد (سەرۆکی هەرێم و سەرۆککۆماری عێراق) ، بە تایبەت کاک مەسعود، کە سەرۆکی گشتی هەرێمە و خاوەنی بڕیارەکەیە، ئامادەن چاو لە (ئیڤۆ مۆرالیس) سەرۆکی پۆلیڤیا بکەن؟
ئەو سەرکردە تەمەن 46 ساڵە سورپێستە هیندیەی، سەرەڕای هەموو ئەو دژایەتیەی ئەمریکا بۆ سەرنەکەوتنی ئەم لە هەڵبژاردنەکانی 18ی دیسەمبەری 2006 دای، توانی بە بردنەوەی 54% ی دەنگەکان، ببێتە یەکەم سەرۆکی سورپێست لەو وڵاتە دا.




بۆلیڤیا، ئەو وڵاتەی ئەمریکای لاتینی، کە دانیشتوانەکەی نزیکەی دوو هێندەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دەبێت (بە سنوری ئێستایەوە) ، سەرەڕای ئەوەی هەمیشە بە هۆی شەڕوشۆر و کودەتای زۆرەوە نائارامی سیاسی بە خۆیەوە بینیوە و یەکێکە لە وڵاتە هەژارەکانی ئەو کیشوەرە و 58. 6%ی خەڵکەکەی لە ژێر هێڵی هەژارییەوەن، جگە لەمەش ئەمریکا و دراوسێکانیان یەک دنیا کێشە و گیروگرفتیان بۆیان دروست کردوە، مەبەستم لەم زانیاریانە ئەوەیە، کە خوێنەری بەڕێز وا نەزانێت باسی وڵاتێکی بێ کێشەی گەورە و دەوڵەمەندی ئەوروپی دەکەم.

ئەم سەرکردە لێهاتو و هەژارپەروەرە، کە نمونەی لە جیهاندا زۆر کەمە، پاش ئەوەی گەیشتە سەر کورسی دەستەڵات، وەک سەرکردەکانی کورد خۆی لێنەگۆڕا و دەستی نەکرد بە دزینی سەروەت و سامانی گەلەکەی، بەڵکو یەکەم بڕیار کە دای، کەم کردنەوەی موچەی خودی خۆی بوو لە پێشدا وەک سەرۆکی وڵات، کە لە 3600 دۆلارەوە بۆ 1800 دۆلار، ئینجا هات موچەی سەرجەم وەزیرەکان و لێپرسراوە پایە بەرزەکانی حکومەتیشی کەمکردەوە بۆ نیوە. ئاخر ئەم بە پێچەوانەی سەرکردەکانی ئێمەوە، کۆشکی سەرۆکایەتی و فەرشی سور ئەو ڕۆژانەی بیر نەبردەوە، کە لە بەر هەژاری و نەداری لە خوێندنەکەی وازیهێنا و دەستی کرد بە بۆیاخکردنی قۆندەرە و پاشانیش بە نانەوایی و شیرینی فرۆشیی و دەستگێڕیی باربووی خوشک و براکانی دەکرد، و خۆشی دەیگێڕێتەوە کە جاری وابووە لەگەڵ خوشک و براکانیدا سێ ژەمە شۆربای گەنمەشامییان خواردوە!!

بۆیە ناوبراو نەک هەر لای خەڵکی وڵاتەکەی خۆی (بۆلیڤیا) بەڵکو خەریکە دەبێتە جێی ئومێدی سەرجەم ڕەش و ڕوت و هەژارانی وڵاتانی ئەمریکای لاتینی، بێ هودە نییە کاتێک لە هەڵبژاردندا سەرکەوت، زۆر لە لێکۆڵەرەوانی سیاسی بە (چ. گوارا ی دووەم) یان ناوبرد. ئەم وەک چۆن لە سەرئاستی سەرەوە بەردەوام کار بۆ بەهێز کردن و سەربەخۆ بوونی ئابوری وڵاتەکەی دەکات، وەک خۆماڵی کردنی نەوت و گازی سروشتی، کە بە کردەوە پیادەی کرد، ئاواش لەناوخۆدا هەوڵی شێلگیر و لێبڕاوانە دەدات، کە ڕیشەی گەندەڵی لە نێو بەرێت و جیاوازی نێوان هەژاران و دەوڵەمەندان، جا با لێپرسراوانی باڵای حکومەتیش بن، نەهێڵێت یان لانی کەم کەمی بکاتەوە.
ئەو پرسیارەی لێرەدا پاش دەستخۆشی لێکردنی بۆ ئەم بڕیارە، لە کاک مەسعودی دەکەم، ئایا بەڕێزتان ئامادەن وەک (ئیڤۆ مۆرالیس) لە خودی خۆتانەوە، لە کۆشک و تەلار و مەزراکانتانەوە دەست پێ بکەن؟؟؟ ئەگەر وەڵامەکەی بە بەڵێیە، ئەوا هیوامان بە بڕیارەکەیە و گەشبینین و چاوەڕوانین...
2006 .6 .2